# کێشەی خەڵکی کوردستان هەڵواسراوی ناسنامەی وڵاتییەتی، دیارنەمانی پێناسەی حقوقی تاکەکانیەتی، نەك حکومەتی هاوبەش!!

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

**7ی ئایاری ئەم مانگە پەرلەمانی کوردستان!! متمانەی خۆی بەخشی بە حکومەتی هاوبەشی یەکێتی و پارتی و بەم شێوەیە کابینەی پێنجەمی حکومەت پێکهات. وە چ سەروك و جیگری سەروکی حکومەت و چ 42!! وەزیری کابینەی ئەم حکومەتە بە تیکرای دەنگ !!متمانەیان پێدرا. بەمەش بۆ جاریکی تر یەکیتی و پارتی سەرکەوتنی دیموکراسیان لەکوردستان بە پلەی لە سەدسەد پیشانی دیموکراسی خوازانی دنیا دایەوە.**

**بیگومان لەبەبن چونی هەڕەشەو تارمایی شەڕ، و فەراهەم بونی فەزای سالم لەنێوان سەرجەم حزبەولایەنە سیاسیەکانی کوردستاندا، نەك هەر خواستی خەڵكو بەرەی پێشکەوتنخوازی کوردستان بووە. بەڵکو بەکردەوە بۆی لەمەیداندا بوون و لەم ریگایەشدا قوربانیانداوە. ئەوەی کەئەم فەزا سالمە لەمێژووی دوورو نزیکی کوردستاندا سەقامگیر نەبووە، یەکێتی وپارتی هۆکارە سەرەکیەکەی بوون، ئەوە ئەوان بوون خواستی خەڵکی کوردستانیان بەهەند نەگرتووە، ئەوان بوون کە کێشمەکێشی خۆیانیان کێشاوەتە ئاستی بەیەکدادانی چەکداری و شوێنی کارو ژیانی خەڵکیان شێواندووە، لە جەولەکانی شەڕی ناوخۆدا گەورەترین مەئسات و ڕۆژ ڕەشیان بەسەر سەری خەڵکی کوردستان هێناوە.**

**یەکێتی وپارتی چ ئەوکاتەی کەشەڕی ناوخۆیان کردە دیوەزمەی سەر ژیانی خەڵکی کوردستان، هیچ ئیعتبارێکیان بۆ خواستی خەڵك دانەنا، وە چ ئەوکاتەش کە ڕێکەوتنی ناوبەناویان کردووە، هەر لەسەروی ئیرادەی خەڵكو لەژێر گوشاری وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو ئەمریکادا بۆ بەرژەوندی حزبی خۆیانو دەسەڵاتی حزبیان ملیان پێداوە.**

**ڕێکەوتنامەی ئەمجارەش، بەجیالەوەی چەند بڕ دەکاتو لەکویٚ کۆتایی پێدێت، لە هەلومەرجێکدا دەستی بۆبراوە، کە باگراوەندی پشتی ئەم ڕێکەوتنامەیە نیشانی ئەدات کە ئەم ڕێکەوتنامەیە نەك ناتوانیٚ وەڵامدەرەوەی کێشە سەرەکیەکانی خەڵکی کوردستان بێت، بەڵکە هەڵگری زۆر سیمای قیزەونە.**

**ڕێکەوتنامەیەك کەبەدوای سیناریوکانی هەڵبژارنو گێژاوێك لەبنبەستەکانی ئەم هەڵبژاردنەدا مۆرکراوەو نزیك بە پینج مانگە ناتوانن ئاکامەکانی ئەم گاڵتەجاریەی هەڵبژاردنەکان لەناوخۆیاندا دیزەبەدەرخۆنە بکەن و حکومەت پێکبهێنن، ودیسانیش لە ژێر گوشاری ئەمریکاو بەناوبژیوانی نوێنەری ئەوان کراوە، بەر لەهەموو شت دیمەنی ناکۆکیە تازەکانی سەرساحەی سیاسی عیراق و کوردستانی پێوەیە، دیمەنێك کە لەلایەکەوە پارتی و یەکێتی دەیانەویٚ درێژەی دەسەڵاتداریێتی خۆیان بەسەرخەڵکی کوردستاندا درێژە پێبدەن و بەرگێکی یاسایی بە باڵای دەسەڵاتی حزبییان ببڕن، وماشینی سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەڵك یەکبخەن، لەلایەکی تریشەوە یەکدەست لەم دەورانەدا بچنە پای تەوافوقات لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و سەهمی بەشە دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە حکومەتی ناوەندیدا بهێڵنەوە و جێگیری بکەن.**

**هیچ کام لەم دووئامانجەی کە لەپشت ئەم ڕێکەوتنامەیەوەیە، تەعبیر لەهیچ کام لە بەرژەوندیەکانی خەڵکی کورستان ناکات، بەجیا لەوەی کە خەڵکی کوردستان تەجروبەی یەك ئیدارەی و یەك حکومەتی و پارتی و یەکێتیان هەیەو ئەم تەجروبەیەش خوێن مژین و بە تالانبردنی پاروی دەمی خەڵكو داهاتەکانی کوردستان، شەڕی فەزای نیمچە ئاوەڵای سیاسی کوردستان، بەرتەسك کردنەوەی ئازادی سیاسیەکان، خۆشخزمەتی بە وڵاتانی ناوچەکە، بەهێزکردنی ڕەوتە ئیسلامیەکان، تیرۆری ئۆپۆزیسیۆنی ووڵاتانی ناوچەکە، بەرگری کردن لەیاساکانی بەعس و... کارپێکردنیانی بەدواوە بووە، سەرکوتی نارەزایەتی و خواستەکانی خەڵکی بە شوێنەوە بووە.**

هاوكات درێژەدان بەدەسەڵاتدارێتی یەكێتیوپارتی لەكوردستان خواستی خەڵكی كوردستان نی یە، خەڵكی كوردستان تورەی و نەفرەتیان لە دەسەڵاتی یەكیتی وپارتی بەدژی دزی و تالانی، فەسادی ئیداری، پیشیلكردنی مافەفەردی مەدەنیەكان، بەدژی یاساكانی بەعس، بەدژی نەهجی پەروەرەدەو فیركردن، بەدژی پیشیلكردنی ئازادیە سیاسی وبیروراو رۆژنامەگەری، وەبەدژی دیكتاتۆریەتی بازار، بەدژی تیرۆری ئابوری كۆمەڵگا، لیواو لیو بووە، لەسەر ئەم بنەمایەشەوە یەكێتی و پارتی لەسەر بوركانێك لەرق و نارەزایەتی خەڵك وەستاون‌و لەوەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین خواستەكانی خەڵكی كوردستان لەوانە ئاووكارەبا، چاككردنی ڕێگاوبان، سنوردانان بۆدزی و هەڵوشینی داهاتی كۆمەڵگاو بەتالانبردنی، ڕێزگرتن لە ئازادیە سیاسیەكان و مافە فەردی مەدەنیەكان، دەستهەڵگرتن لەكاركردن بەیاساكانی بەعس، دەستهەڵگرتن لەكۆمەك بەرەوت‌ودەستەوتاقمە ئیسلامیەكان، وازهێنان لەخۆشخزمەتی بەووڵاتانی كۆنەپەرستی ناوچەكە....تاد، بە پێی ماهیەت و تایبەتمەندیتی بزوتنەوەی كوردایەتی بنبەستن و هەرچاوەڕوانیەك لەم بزوتنەوەیە بۆ هەركام لەم خواستانەی خەڵك بێسەمەرە.

سازش و سات وسەوداشیان لەگەڵ شیعەی سیاسی و هێزە قەومی و تایفیەكانی عیراق، بەهەمان ئەندازە لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە جێگەی نەفرەت و ناڕەزایەتیەو ڕاستەوخۆ پیلانێكە لە دژی خەڵكی كوردستان. پیلانێكە لەبەرامبەر بەخواستی بەرپاكردنی ڕیفراندۆم بۆجیاكردنەوەی كوردستان‌وپێكهینانی ووڵاتێكی سەربەخۆ، وە هەوڵێكە بۆلكاندنەوەی كوردستان بە عێراقێكی عەرەبی– ئیسلامی.

كێشەی خەڵكی كوردستان نەبونی حكومەتی هاوبەش نیە، بونی دووئیدارەیی نیە، هەتا كێشەكەی ئەوەنیە پەرلەمان و حكومەتی هەیە یان نا، بەڵكە كێشەی خەڵكی كوردستان بەجیا لە كێشەی دزی وتالانی، فەسادی ئیداری و گەندەڵی، نەبونی ئازادیە سیاسیەكان، بەرەسمی نەناسینی مافە فەردی مەدەنیەكانی خەڵكی كوردستان، ... هەڵواسراوی ناسنامەی وڵاتیەتی، دیارنەمانی پێناسەی حقوقی تاكەكانیەتی، ئەمە كێشەی سەرەكی كۆمەڵگای كوردستانە.

تەنانەت حكومەت و پەرلەمانی 1992 ش لەئاكامی هەمان واقعیەتدا، بەهەوادا چوو، ڕێكەوتنی ئەمجارەشیان بە مانەوەی هەمان ئەم كێشانە نەك ناتوانی وەڵامدەرەوە بێت. بەڵكە بەپێی خودی ئەم ڕێكەوتنامەیە، یان باشتر بڵێم" هدنە نوێكردنەوە" راگەیەنراوەی خۆشیان ناتوانێ كێشەی لەمێژینەی نێوانیان بەوێنەوی دوودەسەڵاتی میلیشیایش چارەسەربكات، ڕێكەنەكەوتنی ئەمانە لەسەر مەسەلەكانی وەك " هێزی پێشمەرگە، ناوخۆ، دادو دارایی" و سپاردنی یەكخستنەوەیان بە پرۆسەیەكی نادیار بەرۆشنترێن شێوە نیشانی ئەدات، كە ئەم ڕێكەوتنامەیە تەنها درۆیەكی مێژوویەكی ترەو ڕوپۆشێكی ساختەیە بۆ بەردەوامیدان بەدەسەڵاتی میلیشیاییو برابەشكردنی داهاتەكانی كوردستان‌و ژێرپێنانی هەر پێكهاتەیەكی یاسایی و مەدەن، و بەردەوامیدانە بەجەنگی ساردی نێوانیان بۆ دەورەیەكی تر. وەهەمیشە هەڕەشەی تێكچونی ئەم ڕێكەوتنامە شكڵیەو دوبارە دەسپێكردنەوەی شەڕی گەرم‌وچەوریان لە ئارادادەمێنێ، تائەوكاتەش كۆمەڵگای كوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتێكی بەڕەسمی ناسراودا پێناسە نەكرێتەوەو قیافەیەكی سیاسی و حقوقی لە نەخشەی سیاسی دنیادا وەرنەگرێت، باسكردن لە ڕێكەوتنی یەكێتی وپارتی و كۆتاییهێنان بەقەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میلیشیایی لەوەهمێك زیاتر شتێكی تر نابێت.

بۆیە خەڵكی كوردستان نەك نابێت هیچ خۆشباوەریەكیان بەڕێكەوتنی یەكێتی و پارتی هەبێت، بەڵكە دەبێ بەربگرن لەوەی پارتی و یەكێتی بەوەڕێخستنی هەراواهۆریای حكومەتی هاوبەش ناڕەزایەتیە بەرحەقەكانیان ئیحتیوا بكات.

هەوڵی بەكردەوەی یەكێتی وپارتی بۆ لكاندنەوەی كوردستان بە عێراقی عەرەبی وئیسلامیەوە لە چوارچێوەی بەرژەوندی ئێستای خۆیاندا، گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر چارەنووسی سیاسی كوردستان، چارەنوسێك كە بەتێپەربوونی كات، و لەگەڵ قوتبی بونەوەی دەسەڵات لەمەركەزدا، بەرەو هەمان چارەنووس دەڕوات كە خەڵكی كوردستان چەندین دەهەی رابردوو قوربانیەكەی بوون.

ڕێگای بەرگرتنیش بەم چارەنووس‌و ئایندە ترسناكە، لەدەستی یەكێتی وپارتیو بزوتنەوەی كوردایەتیدا نیە، بەڵكە ئەمان خۆیان هۆكارێكی بنەرەتی خوڵقاندنی ئەم چارەنووسەن، یەكێتیوپارتی تەنانەت ئەگەر بەڕێكەوتنی تەواوەتیش بگەن، پەیوەندیەكیان بەچارەسەری كێشەكانی خەڵكی كوردستانەوە نیە، ئەمان كەنزیك بە 15 ساڵە

لەکوردستاندا دەسەڵاتیان پاوانکردووە، بە باشترین شێوە پەیامی بەکردەوەی بزوتنەوەی کوردایەتیان، بەحاڵەتی تەبایی‌و بەحاڵەتی شەڕەوە، نیشانی خەڵکی کوردستان و بەرەی پێشکەوتنخواز داوە، لە حاڵەتی هدنە و نەبونی شەڕدا خوێن مژین و برسێتی و تاڵانی و شەڕی ئازادی سیاسی وماف و خواستەکانی خەڵك ...ولەحاڵەتی شەڕیشدا سەرباری هەمووئەمانەخوێن ڕشتن و ئەو مەرگەساتەی تائێستا ئاسەوارەکانی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە ماوە نیشانداوە.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لە کاتێکدا کەدەبێ کەمەری خەباتکارانەیان لەدژی برسێتی و گرانی، لەدژی دزی‌و تالانی و فەسادی ئیداری، لەدژی بریارو پەیامەکانی حکومەتی تالەبانی و مالکی توند بکەنەوەو پەرەبدەن بەخەبات و نارەزایەتیەکانیان، هاوکات دەبێت ئەم خەباتەیان لێکهەڵپێکن بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسی کوردستان و بەرگرتن لەوەی خەڵکی کوردستان بەمەبەستی بەرژوەندیەکانی خۆیان بەدەست بەستراوی تەسلیمی ئەو تۆپەلە لە بەچکە سدام حسین و ئوسامە و زەرقاویەکان بکەنەوە.

خەڵکی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستادا سەرباری ئەوەی کەدەبێ درێژە بەخەبات و نارەزایەتیەکانیان بدەن بۆ خواستە بەرهەقە هەنوکەیەکانیان و لێکی هەڵپێکن و سەراسەری بکەنەوە، هاوکات دەبێ بزوتنەوەی بەرینی جەماوەری بەمەبەستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد کەتیایدا، دەنگ بە جیابونەوەی کوردستان لە عێراق و پێکهێنانی ولاتێکی سکولاری غەیرە قەومی بدەن، دەبێ ئەو ئاسۆ سیاسیە بێت، کە هەموو نارەزایەتی‌و خواستەکانی ئێستایان سەرئەنجام گرێبخواتەوە بەو قیبلەنوماسیاسیە، قبلەنومایەك کەبەردەگرێت لەوەی ئایندەی سیاسی کوردستان دوبارە ببێتەوە بەسەکۆی مەرگەساتەکانی ڕابردووی.خەڵکی کوردستان لەخەباتیاندا بۆ  داسەپاندنی خواستەکانی ئێستایان و دیاریکردنی ئایندەی سیاسی دڵخواز بە ئیرادەی راستەوخۆی خۆیان کە ئەویش جیابونەوەی کوردستانە لە عێراقی عەرەبی و ئیسلامی‌و "کەخەریکن دەیکەنە واقعیەتێکی داسەپاو" پێکهێنانی وولاتێکی سەربەخۆی سکولاری غەیرە قەومی، تەنها نین و بەرەی متەمەدینی دنیا نەك هێزی پشتیوان بەڵکە دەوری چارەنووسیان دەبێت بۆ بەرگری و وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرهەقەی خەڵکی کوردستان.

**14 ئایاری 2006**